لە شاری هەولێر کۆنفرانسێکی زانستی یاسایی نێودەوڵەتی ئەنجامدرا

لە شاری هەولێر کۆنفرانسێکی زانستی یاسایی نێودەوڵەتی ئەنجامدرا.

ئەمڕۆ چوارشەممە (6ـی کانونی یەکەمی 2023)، بە ئامادەبوونی ژمارەیەک بەرپرس و سەرکی زانکۆ و مامۆستایان و توێژەران و قوتابیان، چوارەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لەبارەی (چوارچێوەی یاسایی و هاوبەشیکانی حکومەتی پێشکەوتوو) لەلایەن زانکۆی جیهان بە هاوبەشی زانکۆی جدارای ئوردنی لە هەولێر بەڕێوەچوو.

لە کۆنفرانسەکەدا پارێزگاری هەولێر، دەستخۆشی لە ڕێکخەران کرد بە ڕێکخستنی کۆنفرانسەکە و کۆکردنەوەی هەمووان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بە لێك نزیککردنەوەی مامۆستایان و توێژەران، پاشان لەلایەن پسپۆڕ و توێژەران و مامۆستایانی زانکۆکان چەندین بابەت و پرسی یاسایی و هاوبەشی خرایە بەرباس و گفتوگۆ.